Iraqi Kurdistan
parliament
Kurdistan – Erbil

پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق
کوردستان ـ هەولێر
لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە

NO:
DATE:



ژمارە:
ڕۆژ:

**بۆ /سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان - عیراق**

**بابەت/ناردنی ڕا پۆرت**

**ڕا پۆرتی لیژنەی ئاوەدانكردنەوە تایبەتە بەكەسوكاری شەهیدان و ئەنفال كراوەكانی سنوری قەزای چەمچەماڵ و قەزای دەربەندیخان و كەلارو كفری.**

**لێژنەكەمان پێك هاتبوو لەم بەرێزانە :**

1. زرار طاهر امین ( سەرۆكی ئاوەدانكردنەوە )
2. ئارام رەسول مامند ( جێگر ).
3. خەمان زرار اسعد( ئەندام ).
4. عبدالرحمن اسماعیل ( ئەندام ).
5. ئەرسەلان غفور سلێمان( ئەندام ).

ڕۆژی 2009/3/30 كات ژمێر ( 10 )ی بەیانی سەردانی قەزای چەمچەمالیان كرد بەئامادەبونی برای بەرێز كاك فاروق كریم ئەندامی پەرلەمانی كوردستان لەگەڵ قائیمقام و بەرێوەبەری ناحیەكانی ( شۆرش، ئاغجەلەر، قەرەهەنجیر، تەكیە ،شوان، سەنگاو، قادركەرەم، تەكیەی جەباری )و سەرجەم بەرێوەبەری فەرمانگەكان و بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی كاروباری شەهیدان وئەنفال كراوەكان و چەند بەرپرسێكی حزبی دەڤەرەكە كۆبۆوە وبەئامادەبوانی ڕاگەیاند كە ئەم سەردانە بۆ دەڤەرەكەیان لەسەر بریاری سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستانی بەرێزەوە بووە بۆ ئەوەی گوێ لەهەموو پێشنیارو زانیاری و داواكاریەكانتان بگیرێ لەهەموو بوارەكاندا.
دوای ئەوەی پێشوازیەكی گەرم كرا لەلێژنەی ئاوەدانكردنەوەی پەرلەمانی كوردستان لەهەموو بوارەكان زانیاری و پێشنیارو داواكاری خرایە بەردەم لێژنەی پەرلەمان.

ئەم زانیاریانەی خوارەوە تایبەت بوون بەکەس و کاری شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران لەقەزای چەمچەمال بەهەموو ناحیەکانیەوە :
یەکەم/ژمارەی وارسی ئەنفال وکیمیاباران( 2800 )دوو هەزارو هەشت سەد وارسە.
تاوەکو ئێستا ( 602 ) شەش سەدو وارس خانوی بۆکراوە لەقەزای چەمچەمال ئەوانی تر کەژمارەیان ( 2198 )دوو هەزار و سەد و نەوەتو هەشت وارسە خانویان بۆ نەکراوە هەروەها تاوەکو ئێستا ( 600 )شەش سەد وارسی ئەنفال زەوی نیشتەجێ بوونی پێ نەدراوە ئەوانی تر هەموویان زەویان وەرگرتووە.
دووەم / ژمارەی وارسی شەهیدی سەنگەر لەقەزای چەمچەمال بەهەموو ناحیەو گوندەکانیەوە( 2800 )دوو هەزارو هەشت سەد وارسە.
دواتر لیژنەی ئاوەدانکردنەوە رۆژی 2009/4/1 کات ژمێر( 11 )ی سەر لەبەیانی کە پێك هاتبوو لەبەرێزان:

1. زرار طاهر امین ( سەرۆکی ئاوەدانکردنەوە ).
2. ئەرسەلان غفور سلێمان( ئەندام ).
3. محسین علی اکبر ئەندام .
4. خەمان زرار اسعد ئەندام.

بەئامادەبوونی بەرێزان عادل محمد و گولەی گەرمیان سەردانی قەزای کەلاریان کردو لەگەل بەرێز کاك مەلا سعید سەرپەرستیاری ئیدارەی گەرمیانو قائیمقامی قەزاکانی( کەلارو کفری )و سەرجەم بەرێوەبەری ناحیەکانی گەرمیان و بەرێوەبەری فەرمانگەکانی گەرمیانو بەرێوەبەری کەسو کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان کۆبۆوە دووبارە بە ئامادەبووانی راگەیاند کە ئەم سەردانە لەسەر بریاری سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەرێزە بۆئەوەی لەنزیکەوەگۆێ لەهەموو زانیاری و پێشنیارو داواکاریەکانتان بگیرێ،
دوای ئەوەی پێشوازیەکی گەرم کرا لەلیژنەی پەرلەمان لەهەموو بوارەکان زانیاری و پێشنیارو داواکاری خرایە بەردەم لیژنە،
ئەم زانیاریانەی خوارەوەش تایبەت بوون بەکەسوکاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان لەئیدارەی گەرمیان خرانە بەردەم لیژنەی ئاوەدانکردنەوە:

1. سەرجەم ژمارەی وارسی شەهیدان و ئەنفال کراوەکان و کیمیاباران ( 4264 )چوار هەزار و شەست و چوار وارسە.
2. ژمارەی وارسی ئەنفال( 1664 )هەزارو شەش سەدو شەست و چوار وارسە لەئیدارەی گەرمیان ( کفری و کەلارو دەربەندیخان ).
3. تاوەکو ئێستا ( 390 )سێ سەدو نەوەت وارسی ئەنفال لەرزگاری خانوویان بۆ دروست کراوە هەروەها ( 120 )سەدو بیست خانو لەقەزای کفری بۆ وارسی ئەنفال دروست کراوە واتا لەئیدارەی گەرمیان تەنها ( 510 ) پێنج سەدو دەخانو دروست کراوە بۆ وارسی ئەنفال
4. ژمارەی ئەوانەی زەویان وەرنەگرتووە وارسی ئەنفال( 165 )سەدو شەست و پێنج وارسە.
5. وارسی شەهیدی سەنگەر( 119 )سەدونۆزدە وارس زەویان وەرنەگرتووە،

سەرجەم کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکانی سنوری چەمچەمال ودەربەندی خان و کەلارو کفری ئەم داوا کاریانەیان خستە بەردەم لیژنەکەمان:

1. دروست کردنی خانوو بۆ سەرجەم کەس وکاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان ئەوانەی بۆیان نەکراوە.
2. زیادکردنی موچەی شەهیدان و ئەنفال کراوەکان بەتایبەتی موچەی ئەنفال و ئەوانەی کەلەیەك ئەنفال کراو زیاتریان هەیە و بەشێوەیەك لەگەل بارو گوزەرانی ئەم رۆژگارە بگونجێت.
3. دروست کردنی نەخۆشخایەك تایبەت بەکەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان لەسنوری چەمچەمال،
4. دروست کردنی مۆنۆمێنتێك بۆ ئەنفال لەچەمچەمال داوایان ئەکرد ئەبێ پێش2009/4/14 بناغەی ئەم مۆنۆمێنتە دابنرێت.
5. قەرەبووکردنەوەی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان لەلایەن حکومەتی ناوەند لەروی ماددی و مەعنەویەوە.
6. گەیاندنی پرۆژەی خزمەت گوزاری ( ئاو کارەبا، رێگاوبان، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی، بنکەی پۆلیس و.....هەروەها )بۆ ئەوشوێنانەی کە کەس وکاری شەهیدان و

ئەنفال کراوەکانی تێدا نیشتە جێ بیەو بەتایبەتی لەسنوری چەمچەمال و خانوەکانی رزگاری و کفری کە بەم دوایە بۆیان دروست کراوە.

7. ناردنە دەرەوەی کەس وکاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان ئەوانەی کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە.

8. زیاد کردنی بری پارەی ( دیاری پێشینەی هاوسەرگیری )بۆ کۆرو کچی شەهیدان وئەنفال کراوەکان بۆ سێ ملیۆن دینار.

9. داوایان ئەکرد لە پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر هەول بدرێت بۆ بەناساندنی ئەنفال وەك جینۆ ساید لەدەرەوەی ولات.

10. داوایان ئەکرد دەسەلاتی تەواو بدرێت بەبەرێوەبەرایەتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان لەقەزای چەمچەمال وئیدارەی گەرمیان لەکەلار.

هەروەها کێشەی کەمی میلاك هەیە لەبەرێوەبەرایەتیەکەیان.

11. پەلەبکرێت لەجێ بەجێ کردنی سزادانی تاوانبارانی کارەساتی ئەنفال وکیمیا باران.

12. هێنانەوەی روفاتی قوربانیانی( ئەنفال )بۆ سنورەکەیان.

13. دامەزراندنی کەس وکاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان لەدەرچوانی زانکۆو پەیمانگا لەداموو دەزگا حکومیەکان.

ئێمە وەك لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان

یەکەم/دەست خۆشی ئەکەین لەسەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەسالی پار لەقۆناغی یەکەمدا ( 1112 )هەزار وسەدو دوانزە خانوی دروست کردووە بۆ وارسی ئەنفال لەچەمچەمال ورزگاری و کفری بەلام هیواداریـن سەرجەم وارسی ئەنفال بریاری دروست کردنی خانوویان بۆ بدرێ لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

دووەم/هەروەها لیژنەکەمان بەئامادە بوانی راگەیاند سەرجەم داواکاریەکانیان بەرا پۆرتێك لەرێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەرێزەوە ئەنێردرێ بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەند یدارکان بۆ ئەوەی داواکاریەکان بخرێنە بواری جێ بەجێ کردنەو.

لەگەڵ رێزماندا..................

| | | |
|---|---|---|
| رۆبیتان ئیبراهیم<br>بڕیاردەر | ئارام رەسوڵ مامەند<br>جێگر | زرار طاهر أمین<br>سەرۆك |
| عبدالرحمن اسماعیل<br>ئەندام | ئەرسەلان غفور سلێمان<br>ئەندام | خەمان زرار اسعد<br>ئەندام |
| محسین علی اکبر<br>ئەندام | سوارە محمد امین<br>ئەندام | |